## تاوانی کافر کردن و نەفرەت (لەعنەت) کردنی موسڵمان بە ناهەق

پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمووێ : (لعن المؤمن كقتله ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( نەفرەت کردن لە بڕوا دار وەک ئەوەیە بیکوژی ).

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمووێ : ( لا يرمي رجل رجلا بالفسوق ولا يرميه بالكفر ، الا ارتدت عليه ان لم يكن صاحبه كذلك ) رواه البخاري واتە : ( پیاوێک توانجی فسق یان کوفر ناگرێتە پیاوێک ، ئیللا بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە ئەگەر وا نەبێ ) .

وە لە فەرموودەیەکی تر ئەفەرمووێ صلى الله عليه وعلى اله وسلم : (من دعا رجلا بالكفر أو قال ؛ يا عدو الله وليس كذلك الا حار عليه ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( کەسێک بانگی پیاوێ بکا بە کوفر یان بڵێ ئەی دوژمنی خوا ئاواش نەبێ ئیللا بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە ) .

ئەم فەرموودانە بەسە بۆ کەسێک ترسی خوای لە دڵ بێ کە بە ناهەق تۆمەتی کوفر پاڵ نەداتە لای موسڵمانێک هەر چەندە ئەو موسڵمانە موسڵمانێکی تاوان باریش بێ مادام موسڵمانە والله اعلم .

**باوکی حارث**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com